**بەشی یەکەم**

ئێستا کە سەدە گۆڕاوەو ساڵی ٢٠٠٠ـە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو کاتەدا ڕۆیشتوەو باسکردنی لای ئەوانی تر کێشە نانێتەوە چونکە من تەنیا کەس بووم خودی خۆم شتەکانم لە نزیکەوە دەبینی و ئاگاداریەکی باشم لەو تیاترۆ خانەیەی گەڕەکی خۆمان هەبوو گەڕەکێك نیوەڕوان گوزەر کردن لێی حیسابی درەنگانی شەوی هەبوو تەنیا سەرە تاتکێی ئەم و ئەو لەسەر بانەکانەوە بۆ ناو ماڵی یەکتری و کۆی گەڕەکەکە جیاوازیەکی لەگەڵ شەودا دروست کردبوو کۆڵانێك قسەیەك لە ناو ماڵێکەوە برۆشتبایە دەرەوە لە مابەینی چەن سەعاتێك دەبوە گوتە و گۆی ناو چایخانەو تەوەری کۆبوونەوەی ژنانی گەڕەکمان و بەین و بەستی گەنجانیشی دەگرتەوە و بەڕاستی دەمەوێت لێرەدا بڵێم لەو کوچانەی تاریك و کپن ژیان دەچێتە فەزایەکی جیاوازەوە و نهێنی قوڵ لە باوەش دەگرێت وە پەیوەندییەکان دەچنە دیوی دووەمی پەیوەندی کە تێگەیشتن لێی وا دەکات فەهممان بۆ خودی ناوی پەیوەندیش بگۆڕێت دەمەوێ ئەوەتان بۆ بگێڕمەوە کە عەشق، وەفا، بەڵێن، هەتا متمانەش چ ڕویەکی دێزە و دزێوی هەبوو ئەوکات هەرچەند ئێستا 15 ساڵێك زیاتر لەو کاتەوە دوورین بەس هەر دەبێ بە ڕانمانا بدەین بۆ ئەوکات و بڵێین خۆزگەمان بە پێش ڕاپەڕین بەو ڕۆژانەی فرتەنە نەخۆشیەکی گوازراوە نەبوو ئەوپەڕی هەر گەڕەکێکی دەگرتەوە و خەڵکی ئەم گەڕەك خۆیان عەیبدار نەدەکرد لای گەڕەکەکەی تر، بگرە یەکێکیان بە کرێ دەگرت لە یەکتری تا بزانن هەواڵیان گەشتوەتە کوێ. مەبەستم ئەوە نیە هەرچی هەبوو لە چوارچێوەیەکی گەورەتری بنێم بەڵام ڕووداوەکان بچوکیش نەبوون.

بەڵێ یەکێك لە ئێوارە هەرە خۆشەکانی بەهار بوو ژێر زەمینەکەی کەریم سوڵتانم جێهێشت و دەگەڕامەوە ماڵەوە لە ڕێگا لەگەڵ پێچێك ڕوو لە ماڵی خۆمان لە لایەکەوە عەتا دارکێش و نەشوان یاوەر و نەزیف حەوسەدم بینی، تێنەگەشتم بۆ عەتا دارکێش قورگی نەشوان یاوەری گرتبوو و دەیگوت «بە چاوی ئەم نەزیفە بەقوربانی دوو چەقۆت دەکەم لە کچەکەی هەدار نەکشێیتەوە، واز نەهێنی لێی شتێك دەکەم ڕووی ئاوەدانیت نەمێنێت» من لە پەنایەکەوە بە قونیچکی چاوم سەیرم دەکردن و لە مشەوەشی خۆیان سەیری چواردەوریان نەدەکرد، زۆر دڵم بە نەشوان یاوەر سوتا تازە گەنجێکی دەرچووی بەشی زەویناسی بوو لە زانکۆ و ئێستا بە دوو زڕتە بۆزەوە هاتوون یەخەی دەگرن لەسەر ئەقدەسی کچی هەدار خان کە نەمزانی ئایا لەگەڵ ئەقدەسیانە یان مەیسەمی خوشکی بەڵام وا تێگەشتم مەبەستیان ئەقدەس بێت چونکە ئەویش لە ساڵی کۆتایی بوو لە پەیمانگای مامۆستایان و کچە گەورەی ماڵەکە بوو. دەمەو بانگی مەغریب بوو نەزیفی حەوسەد کە کرێکار بوو لە کۆگایەکی ئارد و گەنجێکی سەرە ڕۆ بوو لەگەڵ عەتا دارکێش کە ئەو تەمەنی نزیك چل ساڵێك دەبوو و کەس بە دەقیقی نەیدەزانی کاری چیە؟ تا ئەم دواییە بۆمان دەرکەوت پیاوکوژی بەرپرسێکی ئەو دەمە بوو کە عەتای بێ خەم نەدەکرد لە پارە. بەڵام ئەوە باش دەزانم نەزیف و عەتا شەریکی یەك بوون لە قومار کردن و شەوانیش یەکتریان بێ خەم نەدەکرد لە سەر مێزی خواردنەوە. نەزیف تازە لاوێکی ٢٢ ساڵ دەبوو و عەقڵی خۆی بە نوێیی و کارنەکردویی دانابوو و

بە فیکەی عەتا سەمای دەکرد، عەتای کردبووە یاوەری خۆی لە بڕیاردان و بیری لەوە نەدەکردەوە خودی عەتاش پێویستی بە یەکێکە تا بەخێوی بکات و ئەوەی پەیداشی دەکات پارەی کوشتنی خەڵکی بێتاوان و ڕۆشنبیر و فامیدە و ئۆپۆزسیۆن بوو. جەمەدانیەکی سەوزی وەك پێشمەرگەی حەفتاو پێنج بەستابوو و قەمیسێکی ڕەش و سەرچاکەتێکی قاوەیی چۆخە و شەڕواڵێکی ڕەش لەبەری عەتادا بوو. نەزیفیش لەبەر ئارد نەمزانی جلی چ ڕەنگە بەس زانیم جەمەدانیەکی ڕەش و سپی لە مل ئاڵاندوەو جار نا جارێك لە پشتی عەتاوە پەنجەیەك لە نەشوان یاوەر ڕادەوەشێنێ و دەڵێ «بە قەبری باوکم شوێنت هەر ئێرەیە..... وەعدم نەدەیتێ لەو کچەی هەدار دەکشێیتەوە خەڵتانی خوێنت دەکەم».

نەشوان کوڕێکی جوانی چاو گەورەی قژ ڕەش بوو لەسەروبەندی ئەوەیا بوو ناوی وەك مامۆستای جوگرافیا لە ئامادەییەکەی خوار بازاڕەوە بێتەوە و کوڕێکی بە فام و تێگەیشتوو لە چاکەت و پانتۆڵێکی خاوێندا دەهاتە دەرەوە و هەند نەمابوو بڵێم وێنەی نەبوو و گوێم لێ بوو بە عەتا دارکێشی دەگوت «ئینسان بۆ مەبدەئێك دەژی و دەمرێت، قسمەت ببێت سڵی لێ ناکەمەوە و هەر دەیخوازم وە من کوڕێکی بێ کەس نیم و نامەوێ هەندێك شت بکەم، بەڵام زۆریم لێ بکەن ناچاری شتێك دەبم بیکەم پێشتر نەمکردووە.» نەشوان بە دەنگێکی پڕ عەشق و جۆشەوە ئەمەی گوت و عەتاش چاوی لێ سورکردەوەو گوتی «مۆڵەتی سێ ڕۆژت دەدەمێ بێیت و بڵێیت پەیوەندیم پێوەی نەماوە و فەرموون ئێوە بچنە پێش ، چونکە ئێمە ناچینە مەیدانێك کە نەزانین لە بەرامبەرەکەمان دەبەینەوە، مەیدانی درك پێ نەکردوو ناگرین. کوڕی باش ئەو مۆڵەتەش لەبەر خاتری ئەوەیە خەڵکی یەك گەڕەکین نامەوێ بە ناشتنت بدەم ئەم ئێوارەیە جا تۆش بۆ خۆت بیرێکی لێ بکەوەو مێشکە حیزەکەتی بۆ بە گەڕ بخە دەنا لێرەش بتکوژم کێ دەزانێت؟»

ئەوەی ڕاستی بێ ئەوەم لە عەتا چاوەڕێ دەکرد شتێکی لێ بکات چونکە ئەتواری باش نەبوو بەڵام لانی کەم مۆڵەتی داپێی و یەخەیان بەردا و ڕۆشتن بە پرتاو تا یەکێك نەیانبینێت.

**بەشی دووەم**

ئەو ئێوارەیە دوای ئەوەی عەتا دارکێش و نەزیف حەوسەد ڕۆشتن من نەڕۆشتم و چاوم بە نەشوان یاوەرەوە بوو. نەشوان یەخەی کراسەکەی چاك کردەوەو وردە وردە ملی ڕێی گرت بەرەو ماڵی خۆیان منیش ڕێگاکەم گۆڕی و بە ڕێگایەکی تردا ڕۆشتمەوە ماڵ. شەو بیرم لەوە دەکردەوە نەشوان دەبێت هەست بە چی بکات؟ ئایا کاردانەوەی چی دەبێت ؟ واز لە ئەقدەس دەهێنێت و دەکشێتەوە لەترسی گیانی خۆی؟ شەو هەرچۆنێك بوو دوای ئەو تێفکرینانەم چاوم چوە خەو و بەیانی چومەوە بۆ دوکانەکەی خۆمان بۆ دوکانی گۆزە فرۆشیەکە و دکتۆر سیراج هات بۆ دوکان بۆ لام و دوای بەخێر هاتن ئەسکەمبیلەکەم بۆی دانا و دانیشت لەلام دکتۆر سیراج کە دکتۆری ڤێتێرنەری بوو و وە هاوڕێی لە مێژینەم بوو کوڕێکی باڵا بەرزی جوانکارەیەك بوو دەوامی نەدەکرد و بڕوای بە چوونە بن باڵی حکومەتەوە نەبوو عیادەیەکی هەبوو لە بازاڕ لەوێ مەڕوماڵات و ئاژەڵانی دەبینی و چارەی دەکردن دوای ئەحواڵ پرسین لێم پرسی کەی بێت ڕۆژێک جەنابت ڕیزی بێ ژنان بەر بدەی و بچیە ڕیزی ژندارانەوە ؟ ئەو پێکەنی و وتی «ئەرشەنی وەستا بەدرە پێت وایە بیرم لە شتێکی وا کردبێتەوە ؟» وتم «بۆ نا کاك دکتۆر خۆ پیاو لەم زبڵدانەی ئێمە کە دەستی لە دوو فلس گیربوو جگە لەوە تەمای بە شتێکی تر ناگرێت. خۆ خەڵك وەك من نیە ژیانی ناو گۆزە و کتێب دابنێت؟» دکتۆر سیراج خەندەیەکی جوانی کرد و وتی« ئەرشەن لێت نەشارمەوە پلە ڕەحمەی دایکم تەمایەتی داخوازی کچەکەی هەدارم بۆ بکات دەڵێ کۆنە دراوسێین و کچەکە خەریکە خوێندن تەواو دەکات و کچێکی جوانەو ناوی نیە لە ناو خەڵکدا، منیش منە منی ئەوەمە دەڵێم خۆم یەکێك دەبینمەوە واز لە دراوسێ بێنن با دوایی نەڵێن داخوا چیان کردوە بەیەکەوە پێشتریش ... خۆم هەوڵەدەم لەو کۆنە ڕەفیقانەی زانکۆم یەکێك بەرچاو بگرم» پێموابوو دکتۆر سیراج کارەکەی هەر ئەوەندە نیە ئەوە هەر سەردێر بوو منیش زیاترم لێ نەپرسی چونکە لە کاولخانەی ئێمە کاتێك کەسێك نیەتی بە شتێکی وا هەبێت تا ڕۆژی مارەکردن حەز ناکەن خاڵ و مامیش تێبگەیەنن دەڵێن نەك جادوێکمان لێ بکرێت یان بڵاو ببێتەوە یەکێکی تر پێش ئێمە بچێت وەك ئەوەی تا ئێستا کەس فلان کچی بیر نەبووبێت و منیش گوتم «دەی دکتۆر لەسەرخێر، بیرت نەچێ بۆ شەکراو خواردن ئەرشەنی وەستا بەدرەش بانگ بکەیت» لەو قسانەیا بوین شاگردەکەی وەستا وەفای چایچی بەوێدا هات بانگم کرد دوو چامان بۆ بێنێت چایخانەکە هێند دوور نەبوو لێمەوە بەڵام لە فکری نەشوان یاوەر و نەزیف حەوسەد و دکتۆر سیراج دەرنەدەچووم. ئەوە هەر ئەوەندەی من بیان ناسم دەبێت چەندی تریش خۆیان لێی مەڵاس دابێت. چایەکەی خواردەوە و وتی «من دەبێت بڕۆم لە عیادەکەم کا و دانی تەیر و حەیوانم نەماوە تەیرم نەماوە پەیدای دەکەم و لەسەر ئیزنت»
. زۆر بە دڵێکی گەرمەوە خوا حافیزی لێکردم و ڕۆشت

ئێوارە پێش ئەوەی بڕۆمە ماڵەوە سەرێکم کرد بە ژێر زەمینەکەی کەریم سوڵتاندا و لە قادرمەکە چوومە خوارەوە گوێم لە چپەی عەتا بوو لەگەڵ نەزیفدا کە عەتا دەیگوت «خەمت نەبێ، یان دەبێ جڵتەی خوێنی بێت لەبەر چاوت یان ئەرخەیان بە خۆی دەکشێتەوە» وام دەرنەخست گوێم لێی بووە و سڵاوم لێکردن و ڕۆشتمە لای سەری هەندێك خەریکی یاری کاغەزێن بوون و لە دڵی خۆمدا دەمگوت وا نەشوان یاوەریشتان فت کرد ئەی چی لە دکتۆر سیراج دەکەن؟ نەشوان یاوەر بێ کەسوکارترە و دەستی بەبەرەوە دەچێت شتێکی لێ بکەن بەس دکتۆر سیراجی هاوڕێم کە بە گورزە ئامۆزای هەیە و عەسابیان یەك فووی دەوێت خۆیان وەك پشکۆ دەگەشێنەوە. لە پڕێکا چاوم گێڕا لەو ناوە نەمابوون و شەو لە ماڵەوە گوێم لێ بوو باسی ئەوە دەکرا دایکی نەشوان یاوەر کە ناوی ئەسرین گوڵبەند بوو و تاقە خوشکەکەی کە ناوی پڕوشە یاوەر بوو چونەتە ماڵی هەدار خان بۆ

سەیرکردنی کچەکە و لەوێ نەبووە لەوسەرەوە هاتونەتەوە بۆ ماڵی ئێمەو لێرە باسیان کردووە لەسەر سیقە تا کەس نەزانێت.
ئەو دەقەیە تێگەشتم نەشوان یاوەر خۆی داخیلی شەڕێك کرد بەڵام نازانێ چی لێ بەسەر دێتەوە، چەند ڕۆژێکی دواتر هەواڵی ڕازی نەبوونی باوکی ئەقدەسی هەدار خان کە هەر بە کەمال بێشە ناسرابوو لە دوکان یەخەی دەگرتم لە ژێر زەمینەکەی کەریم سوڵتانیش و لەگەڵ بای ئەو ڕۆژە ڕێی دەگرت هەواڵەکە ... لێرەوە بە فکرمدا هات نەشوان یاوەر بە ئاسانی لەمە قوتاری نابێت چاوەڕێ بوم هەواڵی بریندارکردنیشی لەم شەوانە بگاتە بەر گوێم.

## بەشی سێیەم

دوو ڕۆژێك ڕۆیشت و شەوێك پێش ئەوەی بخەوم من پلانی خۆمم دانا، بڕیارم دا ببمە ئەو هێزەی لە پشتی پەردەوە ڕووداوەکان دەگۆڕێت بەڵام بۆ قورسایی تەرازووی هیچ کەسیان نا تەنها وەك بەرگریەك لە گەنجێکی تازە دەرچووی بێ باوك کە قەدەر توشی بە توشی کچێکەوە ناوە شێوەو جوانیەکەی هاوسەرداریشی لە بەشی خۆی پەشیمان دەخستەوە. بەڵێ مەبەستم ئەقدەسی کچی کەمال بێشەیە ، دەمزانی نەزیف و عەتا بە نەوعێك نەشوان یاوەر هەر خلۆر دەدەنەوە، دوورو نزیك پەیوەندیەکی وام نەبوو لەگەڵی بەڵام دڵیشم هەڵوەستەی لەسەر دەکرد هەر ئەوەش بوو هانی دەدام شتێك بکەم لانی کەم ئەوان هیچیان پێ نەکرێت بەرامبەری. لە ڕاستی نەشوان ئەگەرچی لاوێکی کەشخەو خوێندەوار و بێ برین دەردەکەوت بەڵام زامی نەبوونی باوك لەلایەك و ژیانی پڕوشەی خوشکی وئەسرین گوڵبەندی دایکی لەلایەك ملی دەگرت ڕوو لە خەم جار بە جار. ئەوان بەو هاوکاریە دەژیان حکومەتی بەعس دەیکردن کە باوکی لە شەڕی عێراق-ئێران لە زامێکی قوڵدا تلابۆوەو مردبوو بە کەوتنی هاوەنێك لە بەرەی ئێرانیەکانەوە پێی کەوتبوو . من بەرەبەیانی ئەو شەوە کلێتە ڕوسیەکەم لەسەر کرد و ملپێچێکم لە دەم و لوتم ئاڵاندو بۆ لای ماڵی نەشوان یاوەر ڕێگام گرت پێم وابوو ئەگەر دیمەنێکی دەقیقیش لە وەزعەکە نەبینم لانی کەم وا دەکات سەرە داوێکم دەست بکەوێ لە بابەتەکە. دنیا تاریکایی فڕێدابوو بەرەو سەحەر بوو کات کاتی ئەو داماوانە بوو کە بە ناوی کاسبی دەبوو لە ماڵ بچوبانا دەرەوە منیش خۆم کوتایە ناو کۆلانەکەی ماڵی فرسەت خانەوە و نزیك بوومەوە لە ماڵیان نەزیفم بینی قەمسەڵەیەکی گەورەی بەسەر شانیدا دابوو بە شەڕواڵ و قەمیسی ئیشی ئارد بارکردن و داگرتنەکەوە گورەی دەهات ناو کۆڵانەکە دەگەڕا کە تێپەڕی لە ماڵیان من و ئەو ئاورێکمان دایەوە ئەو بۆ ماڵی نەشوان و منیش بۆ ئەوی. ئەو دەقەیە من تێگەیشتم کار گەشتۆتە چاودێری کردن و شتێکی ڕوونی خەتەر لە پشتەوە هەیە. نەمزانی چۆن بوو وا دوو ڕۆژێك تێپەڕی بوو و ئەوان نەشوانیان بە بن چنگ نەکەوتبوو بەڵام لەوە تێگەیشتم هەواڵی ڕازی نەبوونەکەی کەمال بێشە گەشتۆتە بن گوێیان و خەمیان لە دەست وەشاندنێك خواردووە لە نەشوان یاوەر. عەتا کابرایەکی سەرسەری و لات بوو هەر ئەویش بوو ئەو بەیانیە نەزیفی ڕەوانەی ئەو کۆڵانە کردبوو عەتا دارکێش دەمێك بەرتیلی بە سەرانی پێشمەرگە دەدا ئەگەر لە چالاکی لەگەڵ جاشێك بینیان ئەو نەگرن دەمێك بە سێتێکی گەورەی خواردنەوەوە لە ڕێ بوو بۆ ماڵی هەندێك لە جاشەکان تا مەراییان بۆ بکات وەك شۆڕشگێڕ ڕۆژێك ناوی نەبەن و بە لوتی هەڵیواسن. دوورو نزیك لە سەلامێك زیاترم نەبوو لەگەڵ کەسیان نزیکترین کەس لەو گەڕەکە بۆ من عێتەی عونیلە قۆڕ بوو لەگەڵ دکتۆر سیراج و بەهمەنی تافدەر جار جاریش یوسف نەقیل وەعدی دۆستایەتی دەبردە سەر لەگەڵما و بێخەم بووم لێی. بۆ من گرینگ نەبوو ئەقدەس شوو بە کێیان دەکات چونکە ئەوە هەڵبژاردن و مافی ئەوی و ڕای بەڵێی کەمال بێشە ئەوەی دیاری دەکرد نەك خواستی من بەڵام من بۆم گرینگ بوو نەشوان یاوەر ئەگەر نەگات بە مەرامیش لانی کەم سەلامەت بێت بە ڕاستی بە جۆرێك عاشقی ئەقدەس ببو گوێی لە ناوی ببوایە مووی لەشیشی دەکەوتە ئینزارەوە خوێنی لەشی سەریعتر ڕێی دەکرد. ئەوەی نەزیف تەنها بە گوندەییەك دەهاتە بەرچاوم کە ئەگەرچی شایەنیش نەبێت و زۆر بێ دەرەتانیش بێت لانی کەم دەبێت سەنگێك دروست بکات بەوەی بڵێن کچێکی کردە دەستگیرانی خەڵك لە حەسرەتا شەوان خەوی دەتۆرا بۆی، نەمان دەزانی باوکی ئەویش بۆ نەمابوو بەڵام دەمانزانی بە باوکیشیان دەگوت مێردەکەی حەوسەد لەو نەوعە پیاوە بوون بە ژنەکانیانەوە دەناسران خۆیان زۆر جێی بایەخ نەبوون حەوسەد خان ئافرەتێکی شۆخی ناسك و ڕێزدار و خۆشەویست بوو لە گەڕەکەکەدا لە باشیدا ناسرابوو نەك جێی پرسیار بێت بەڵام نەزیف هەر زوو خۆی لەگەڵ عەتا دیتەوەو کەوتە بن پرسیار و جێی گومانەوە. دواتریش بەو

تەپوتۆزی ئاردەوە دادەنیشت لەسەر مێزێك خەریکی قومارکردن بوو بە کرێی ئەو ڕۆژەوەو بژێوی ژیانیشیان بە بەرگدرویی دایکیەوە بەڕێوە دەچوو.
ڕاستە چەندەها چیرۆکی غەمگین لە گەڕەکی ئێمە دروست دەبوو کە پێم وانەبوو لە هیچ کونجێکی ئەم ئەستێرەیە دروست بوبێت بەڵام کات ئەوەی تێگەیاندم هەموو کەس زەبری بەرکەوتووی بە خۆی هەیە و ئەو سەرکەوتن و شادیەی بە خەندەیەکی بچوکیش دەردەبڕدرێت کۆششی گەورەی لە پشتەوە هەیە. دڵشاد بووم ئەو ڕۆژە هەواڵ نەکەوتە بەرگوێم ببیستم نەشوان یاوەر شتێکی لێ هاتووە و سەردانی ژێر زەمینەکەی کەریم سوڵتان و چایخانەکەی وەستا وەفای غەریب دۆستیشم کرد چپەی هیچ شتێکی ئەوتۆ نەبوو جیا لەوەی برایەکی عێتەی عونیلە قۆڕ لەسەر سنور و لەکاتی بەقاچاغ هێنانی هەندێك خوادنەوە لە دیوی تورکیاوە گیرابوو کە لە ڕۆمانیاوە هێنابووی بەڵام لەوێدا جەندرمە تەقەتیان کردبوو لە زیندانێکدا لە ئەنقەرە و هەواڵەکە گەرما و گەرم و دوای هەفتەیەك گەشتبۆوە ژێرزەمینەکەی شاری خۆمان با ئەوەشم بیر نەچێ و بیڵێم کە چۆن جەمال کوبڕا دەنگی گڕ کردبۆوە و دەیگوت «جا شەراب ئەگەر نرخی گران نەبێ بۆ دەیگرن؟ شەرابی پار و پێرار هەر حیسابی ئاوی ئەم چڵکاوەی خۆمانی هەیە بەس من وای بۆ دەچم گرانبەها بوبێت و تەماحیان لێی دابێت بۆ خۆیان کوڕەکەی عونیلیش بێ دەماغە دەنا بۆ تەماح دەکات و هی گرانبەها دەهێنێت؟ ئێستا لێی بکۆڵینەوە بۆ دوو ، سێ بەرپرسی گەورەی یەکێك لەم حیزبانەی هێناوە خۆ دەنا لەم تیاترۆ خانەیە هەر پەروانە بە چرا دەسوتێ کێ کاری بە جرج و مشەخۆرە؟» بە بڕوای من جەمال کوبرا ئەگەرچی بێ ئیخبارانە قسەی دەکرد بەڵام لە نیوە زیاتری قسەکانی بەڕاست دەرچوو دواتر ... دەنا هێزەی عونیلە قۆڕ پێشتریش هەر ئەو ئیشەی دەکرد و نەشدەگیرا. ئێوارەی ئەو ڕۆژە بسمیلام لە پلانەکە کردوو گیرانی هێزەم کردە تەوەری سەردانەکەم بۆ ماڵی عێتەی هاوڕێم، عێتە ئەو نوقتەیە بوو ئەهمیەتی دروست کرد لە ئیشەکەماندا و شەو دوای بانگی عیشا بەرەو ماڵی ئەوان کەوتمە ڕێ.

## بەشی چوارەم

گەیشتمە شوێنی مەبەست بەردەم ماڵی عێتەی عونیلە قۆڕی هاوڕێم کە هێند دوور نەبوو لە ماڵی نەشوان یاوەرەوە دوای چونەژوورەوەم عێتە بەخێرهاتنێکی گەرمی هاوڕێیانەی کردم و لە نزیکی یەك دانیشتین دەستم بە قسە کردن کرد و گوتم«ئەسەف بۆ کاکە هێزەی برات، هیچمان لەدەست نایەت و چاوەڕێی ڕەحمی خودا دەبین ئازاد بکرێت. بە ڕاستی زۆرم پێناخۆش بوو بەڵام خۆت باشتر دەزانی کە زۆر بە شوێنێکدا هاتی و ڕۆشتی جار جاریش گیر دەبیت. هەرچەندە منیش وەك جەمال کوبرا پێم وایە لە گرانبەهایی مەوادەکە گیرابێت و تەماحیان لێی دابێت دەنا ئەو پێشتریش کەسابەتەکەی هەر ئەوە بوو و هەر ئەوەش ڕێگای بوو کەسیش نەیدەگوت بۆ کوێ مل دەنێی؟ گرینگ ئەوەیە سەلامەتە و ئازادی لەدووە چونکە نەمبیستوە کەس لەسەر ئەو بابەتە لاقرتی بکرێت و ئەتکی بکەن بۆیە ئەزیزم زۆر لە دڵتی بە مەراق مەنێیان کێ ناڵێ لەم هەفتەیە ئازاد نەکراوەو لە «ڕێگا نیە بەرەو ئێرە

عێتە بزەیەکی کردوو گوتی «جا
ئەرشەن بۆ کێ گونی خۆی لە خم داوە با ئەو ئازادی بکات و ببێتە کەفیلی قابیلە کێیە یان جەماعەتی سەرانی ئەمنن یان هی ئەو مەفرەزە نا جسنەی خوارەوەن» من فەسیلەیەکم دایە مەوزوعەکە و گوتم «ئەوان بن کێشە نیە من دەترسم بۆ عەتا دارکێش ببێت ئەو قوزەڵەقورتی بکات» عێتە نزیکی توڕە بوون بوو و گوتی«دە قەناعەت بکە بزانم ئەوەی ئەو هێزەیەی برام دەیهێنێت عەتا لچی لێ بدات لە جێگەی عەتا لچی هێزەی برام دەبڕم چونکە دەزانم ئەوەی عەتا دەیکات ڕاخستنەوەی پشت ملیەتی بۆ هەر کەسێك کە هەست بکات دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە لێی دوور نابینم وەك بەرتیکە بیکاتە دەمی هەندێك کەسەوە کە من دەمەوێ ئاو لە ناو کاسەی سەریان بخۆمەوە» وەك دەرفەتێك دوای قسەکانی عێتە بۆم باسکرد کە لەم فەترەیەی بێ هەواڵیەی هێزەی برای چی ڕویداوە و عەتا چۆن بۆ نەزیف دەست دەکاتەوە و دەیانەوێت خوشکەکەی مەیسەمی لە چنگ دەربێننەوە و تەنانەت یەخەیان بە توندیش گرتووە وەك هەڕەشە و ئاگادار کردنەوە. عێتە یەك هەڵوەستەی وردی کرد و گوتی«مەبەستت کچەکەی هەدار نیە ؟ ئەمەی سەرەوەی ماڵی خۆمان؟» گوتم «بەڵێ مەبەستم ئەقدەسی کچیەتی

عێتە چاوی بەقەد نزیکی ناو لەپی زەق کردەوە و گوتی«خۆ من تەماحم لەو کچەش نیە ئەو داماوە بەقەد یەك قەمیشی لێ هاتوە بەدەست کەمال بێشە سەرخۆشی باوکیەوە هەر ڕۆژەی فرتەنەیەك دەنێتەوە لەگەڵ ئافرەتێکدا بەڵام ئەوەم زۆر پێ ناخۆشە بەو مەعریفەت و ڕێك و پێکیەوە ببێت بە خانمی ماڵی قومارچیەك جوانتر بڵێم لە دۆزەخێکی کوشندەوە بەرەو دۆزەخێکی کوشندە تر لە پرتە و بۆڵەی باوکیەوە بۆ لای مێردێك کە هەرگیز گیرفانێکی موحتەرەمی نابێت یان پارەی قوماری تێ دەچێت یان پارەی بۆ قومار لێ دەردەچێت شەوانیش بە بۆنی کەلاکە تۆپیوێکەوە بچێتەوە پاڵ کچێك «کە شایەنی نیە
بە دەم ئەم قسانەوە عێتە کاسێتێك گۆرانی داگیرساند کە بردمانی بەرەو خەیاڵێکی قوڵ ئەندێشەیەکی تیژ لە هونەری کوردی ئەویش دەنگی "مەزهەری خالقی "بوو گۆرانی "پەپولەی ئازاد"بوو. منیش لە سینگمەوە هەندێك وشە هاتنە گۆ و وتم:«تۆ بڵێی ئەم دەنگە تا کەی بژی؟ یان ڕۆژێك هونەری کوردی ئەم دەنگەی لێ بڕا چۆن بژی؟ خۆ من بەم گۆرانیە نەبێت تینویەتی ڕۆحم ناشکێت» عێتە پێکەنی و گوتی «هەتا تۆ کلکێکت لە گۆڵمەز بنێی دەبێت خەمی خۆتت بێت کە کەی دەبێت سەرت لە فرتەنەیەکدا فت ببێت؟ هونەرمەند ئەرخەیان دەژی تا ئێستا هونەرمەندێکم نەدیوە خەریکی فرتەنە

بێت ناشزانم مستەقبەلەن هونەر و هونەرمەند وەك ناوی هونەر دەمێنێتەوە یان ناوەڕۆكەكەی هێند دەگۆڕێت كە پێویست دەكات ناوێكی تریان بۆ دابنرێت، بەهەر حاڵ ئێمە لە كونجێكی وەك ئەم گەڕەكە نەگریسەوە لە كوێ داهاتومان لێ دیار بێت؟ داهاتوو لە كەسانێكەوە دیارە ئەمڕۆیان لەبەرزیدا بێت لانی كەم بزانن دەفتەر ئەعمالی ئەمڕۆیان چۆن پڕ دەكەنەوە.» منیش گوتم«باشە ئەوە وازمان لێی هێنا بەس چی لە نەزیف و عەتا بكەین؟ لێی بگەڕێین یان چی؟» عێتە گوتی«نا عەزیزی من نا لێگەڕانی چی؟ جا خۆ ئێمە لێی بگەڕێین وەك كرمی دەم چۆلەكەی لێ دێت، هەرچەندە برای بابمان نیە بەڵام كە ئێمە بڕیارمان دابێت چاك بین لە ناو خراپدا لانی كەم دەبێت شتێك بكەین كە دەست و پەنجەمان بمێنێ بۆ ئەوانەی كە دواتر پێدەگەن و دەیانەوێت ڕێچكەشكێنی ئەم كات بناسن» قسەكانی عێتەم بە دڵێكی سادە و شادەوە وەرگرت و هاتە گوێم وامزانی ئەوە منم نامۆم بەم شوێنە نەمزانی كەسانی تریش هەن هەمان پەیامیان بۆ بەینی ئەم دار و دیوارانە هەیە. عێتە دوای داڵغەیەكی پەرش و بڵاو ڕووی كردەوە من و گوتی «بەس دوو، سێ ڕۆژێك ئارام بگرە با بزانم كاردانەوەی عەتا چی دەبێت ئەوكات ئێمە بەرپەچێكمان هەر دەبێت لە بن بێدەنگیەوە بەڵام ئێستا كە خشەی سەگێك نایە لەم كۆڵانە ناكرێت بیكەینە ڕۆژی خۆمان و دەست بە یەخەی یەكێكەوە بنێین» قایل بووم بە قسەكانی عێتەی عونیلی هاوڕێم و بەرەو ماڵئاوایی دەهاتمە دەرەوە لە مالیان گوێمان لە دەنگی ئۆتۆمبێلێك بوو و وەستاین و گوێمان گرت چەند كەسێك بە شەق و قۆنداغی تفەنگ دەیاندا لە دەرگای ماڵی نەشوان یاوەر و لە ناكاو قیژەی پڕوشە یاوەری خوشكی هات و دەنگێكی نەساز بە عەرەبیەكی لێخنی پڕ هەڕەشە دەیگوت «وین اخوك؟» چەند جارێك ئەمەی دووبارە كردەوە... .

**بەشی پێنجەم**

یوسف نەقیل بۆی گێڕامەوەو و وتی:

دکتۆر سیراج هاوکات و هەر لەو ڕۆژانە بە یاوەری مامۆستا مەلا خاڵخاسی خڕنە و باوکی و پلە
.«ڕەحمەی دایکی ڕوو دەکەنە ماڵی کەمال بێشە ، بۆ هەمان مەبەست
ئەو دەمەی یوسف نەقیل قسەکانی دەگێڕایەوە و لە دەستپێکی قسەکانی بوو، دڵم گومانی شتێکی
تازەی دەکرد. بە خۆمم دەگوت«داواکردنی کچێك مەلای بۆ چیە؟ باوکی بەناوە کابرایەکی گەوجە
گۆ نیە و زیرەکە لە قسەکردن، ئیتر مامۆستا چ کارەیە لەوێ؟» نەقیل بەردەوامبوو و
دەیگوت«دکتۆر سیراج لەگەڵ سەلام کردن لە کەمالی باوکی ئەقدەس تاوێك بۆی نوشتاوەتەوە و
.«بچوکی نواندوەو ویستویەتی وەکو خەمخۆر و بێ فەرقێك خۆی دەربخات
نەقیل دەیگوت« بڕوام وایە لەگەڵ پەلاماردانی دەستی کەمال لە لایەن سیراجەوە نزیکی شکان
بوتەوە و لەگەڵ ماچکردنا چینێك پێستی لێ کڕاندوە ئەوەندە بە حەسرەتەوە بووە بۆ دەستی بێشە
«دەستی جەنابیشی هەر پێکی خواردنەوەی پێ جوانترە لە ماچی دکتۆری حەیوانات
قسەکانی نەقیل ئەگەرچی بزەی دەخستە سەر لێوم بەڵام دڵنیای کردمەوە لە دوو شت یەکەم دکتۆر
ئەو ڕۆژەی هات بۆ لام لە دوکانی گۆزەکەمان خۆی بە بێ خواست دەردەخست بەڵام وانەبوو.
دووەم دکتۆر ئاگاداری ئەو فرتەنە و هەڕەشەکردنەی بەینی عەتا و نەشوان یاوەر هەبوە وا ئێستا
مامۆستا مەلایان بۆ زمانبازی پێش خۆیان داوە. بەڵام سەرسام نەبووم چونکە نیفاق گەڕەکەکەی
گرتبۆوە و هاوڕێ بە ڕووی هاوڕێدا، باوك و دایك بە ڕووی یەکتری و منداڵەکانیاندا، مامۆستا لە
پۆل و مینبەرەوە بە ڕووی ئەوانی بن دەمیدا. بۆ نموونە و نەیشارمەوە ئەم مەلا خاڵخاسی خڕنەیە
چەندەها جار تانەی لەو گەنجانە دەگرت نامە لە پاکەتی شقارتە دەهاون و دەیگەیەننە کچان، جاری
وا هەبوو وەسفی شوێن و ڕووداو و کەسەکەشی لەگەڵ دەکرد بەس ناوی دەما کەشفی بکات. کەچی

من بەم جوتە چاوە قاوەییەی خۆم دیومە لە پەنا کۆڵان خەریکی مەرایی کردن و پاڕانەوە بووە لەژن بۆ شتی وەها هەر هەرزەکار دڵی بۆ دەچێت . لە دوای چوار ژنەوە ئەمە سنعەتی بوو.
ئافرەت بە کاڵایەك تێگەیشتبوو کە دەکرێت تەنها بە قسە بکڕدرێت و دوای تێر بوونی جەنابی حیسابی پەڕۆیەکی پیسی بۆ دەکرێت و هەڵیدەدایەوە دەرەوە، نازانم و لێم مەپرسن لە حوجرەکەی چی کردوەو چیان لێی دەگێڕایەوە بەڵام بەهەر حاڵ هەرگیز نەیدەتوانی وەك مامۆستا مەلا حەنەف بژی ئەو بەردەوام بە کرێی دەستی خۆی دەژیا و زمانی بۆ زەکات و سەرفترەی خەڵك وەك فەرش لە عەرز ڕا نەدەخستەوە و مەرد و لەسەر پێ بوو بە ژنەکەی خۆیەوە دانیشتبوو زۆریشی خۆش دەویست بۆ نمونە لێیان دەگێڕایەوە کە هەفتەی سێ ڕۆژ جل شتن و خواردن لێنان بەشی ئەوە. زۆر درێژەی نەدەمێ و بۆتان باسبکەم نەقیل گوتی«لەگەڵ دەسپێکی قسەکان و دوای چا خواردنەوە ئەو ئێوارەیە مەلا خاڵخاسی خڕنە کەوتوەتە ناو دونیای حەکایات و میسالی وەها ئینسان زۆر ئاکاریشی خوار و خێچ بوایە خوڕەی فرمێسکی لە ناو هەناویەوە هەر دەهات، دواتر بابەتەکەی بەستۆتەوە بە داواکردنی ئەقدەس خانەوە و داوای کردووە دواتر بە یەکێکی نزیك لە خۆیەوە جوابی لێ بگێڕنەوە و تا جوابەکەیان نزیکتر بێت لە ئارەزووی مامۆستاوە خێر و بەرەکەت باشتر ڕوویان تێدەکات کەمال بێشە ئەگەرچی لەبەر حورمەتی مێوانداری یەکسەر نەیدەگوت نەخێر بەڵام دایکی ئەقدەس هەر جار نا جارێك گوتویەتی جا مامۆستا کوڕێك تۆ کەفیلی بیت هەرچۆنێك بێت ئێمە ڕازین و بەڵام با ڕای خۆی و کەس و کاریش وەربگرین، ئەوکات جوابت لێ دەگێڕینەوە» توومەزە قسەکانی دایکیشی لە بەرزی ڕێزی میوانداری بوو و دکتۆر سیراجیش ڕەتکرایەوە و چەند ڕۆژێك دواتر هەواڵێکی ناخۆش گەرووی گرتم لە مەیسەم کەمالی خوشکیەوە، هەواڵێك نەشوان یاوەر بیبیستبا ددانی تەلی زیندانی دەبڕی و دەهاتە دەرەوە.

**بەشی شەشەم**

ئەو شەوەی من لە ماڵێ عێتە دەچوومە دەرەوە لە نیوەی ئەو بەشەی دەرگاکە کە کرابۆوە، بینیمان کۆمەڵێك لە پیاوی ئەمنەکە لە پیکابێکی عەسکەریدا هاتن و نەشوان یاوەریان بە قۆڵبەست کراوی و بە شەق لێ وەشاندن دەهێنایە دەرەوە. تەعەجوبێکی گەورە بوو خوێندکارێکی تازە دەرچوو و ئەمن ؟ شتێکی سەیر بوو بەلامانەوە عێتە گوتی «ئەرشەن وا نەزانی نەشوان شتێکی نارێکی کردووە یان لە برادەرانی تەنزیم بێت، بڕوا بەم زمانەم بکە ئەمە تەنها ئیشی عەتا دارکێشە» من لەوپەڕی دڵسوتاویم بە نەشوان یاوەرەوە وتم«ئێستا چی بکەین؟ ئەو داماوە بوە گۆشت بە دەمی ڕێویەوە تازە، بڕوام وانیە چاوی بە ڕۆشنایی بکەوێتەوە تازە» عێتە گوتی«سبەینێ کۆی ڕووداوەکان لە دەمی یاسین سورگوڵی دۆستمەوە وەردەگرم دڵنیام ئەو هەموو بابەتەکە دەزانێت» ئەو شەوە دوای ئەوەی عێتەی عونیلە قۆرم جێهێشت گەڕامەوە بۆ ماڵی خۆمان و جەند ڕۆژێک دواتر لە دەمەو دەستی نزیکی نیوەڕۆیەک هەدار خان و مەیسەمی کچی هاتن بۆ دوکانەکەم بۆکڕینی گۆزە. من کە منداڵیم لەگەڵ مەیسەم خان بەڕێکردبوو و هەدار خانیش هەر هاوڕێی خۆشەویست و نزیکی دایکم بوو، گەلێك شاد و خۆشحاڵ بووین بە دیداری یەکتری و داوای چەند گۆزەیەکی کرد کە قەبارەیان هێند گەورە نەدەبوو وە دەشبوو بیبەمەوە بۆ ماڵیان دوکانەکەم داخست و لەگەڵیان ڕێم دەکرد لە کۆلانی ئێمە هەدار خان گوتی«مەیسەم تۆ لەگەڵ کاکە ئەرشەنت بچۆرەوە ماڵەوە و شتێك لێ بنێ باوکت پاشنیوەڕۆ دێتەوە منیش دەمێکی دی دەگەڕێمەوە» بۆ من ئەم قسەیەی هەدار خان گەلێك خۆشبوو، دەرفەتی ئەوەم دەما هەواڵی زیاتر بزانم لەبارەی ڕووداوەکان. لە ڕێگا کە دەڕۆشتین بە مەیسەمم گوت «ئاگادارم کە نەشوان یاوەر و دکتۆر سیراج هاتونە داخوازی ئەقدەس خانی خوشکمان بەڵام «سەرەنجام بە کوێ دەگاتەوە بابەتەکە؟

مەیسەم گوتی «ئەرشەن تۆ لە برا زیاتر نەبیت بۆ ئێمە، کەمتر نیت. بەڵام سوێند و وەعد بێت کە ئەوەی باسی دەکەم بۆ هیچ کەسی نەگێڕیتەوە!» من بەڵێنی ئەوەم دایێ کە کەس ئەمە لە من نابیستێتەوە. بەڵام ئەو گوتی «کەمال بێشەی باوکم دوای ئەوەی هیچی نەما قوماری پێوە بکات، قوماری بە ئەقدەسی خوشکمەوە کردوەو دۆڕاندویەتی» لەگەڵ ئەوەی دوا وشە لە زمانی بۆوە من یەکێك لە گۆزەکانم لە دەست کەوتە خوار و شکا. پرسیم بەڵام چۆن شتی وا دەبێت؟ ئەو
گوتی«دایکیشم هێشتا نازانێت بەڵام من بەڵگەکانم بینیوە، پیاوەکە ناوی "فەریح تیغەیە" ژن و منداڵیشی هەیە و بەتەمەنیشە» پێی گوتم ئەگەر شتێکم پێ دەکرێت تکای لێ کردم یارمەتیان بدەم چونکە کە سەیری ئەقدەس خانی خوشکی دەکات هەناوی پێی بووتە خۆڵەمێش نەك تەنها دڵی. من کە گۆزەکان و مەیسەم خانم گەیاندە ماڵەوە، یەکڕاست خۆم بە ماڵی عێتە عونیلدا کرد و تاوێکیش هەناسەم تەنگ ببو بە قسەکانی مەیسەم و عێتە لەولاوە هات و ویستی بزانێت بۆ ئاوا پەشۆکاوم بەڵام من یەکسەر بێ سڵاو کردن گوتم
«یاسین سورگوڵ چی گوت؟
ئەو گوتی «
«لەبیری بکە تازە نەشوان یاوەر لە دوعای خێر زیاتر دەستی کەس نایگاتێ بڕوا ناکەم تا ئەم ئێوارەیە بمێنێت، بڕیار وایە لە مەیدانی ئەمنەکە بدرێتە بەر دەستڕێژی گولە. عەتا لە ڕێگەی جاشەکانی هاوڕێیەوە بەرتیلێکی باشی داونەتێ هەواڵی لێ بدەن و تۆمەتبار بێت بەوەی ویستویەتی کار بۆ سەرانی پێشمەرگە بکات و یەکەم چالاکی ئەم لاوە تەقاندنەوەی ئەو دائیرەی ئەمنە دەبێت»
من هێند هەواڵی قومار کردن بە ڕۆحی ئەقدەسەوە تاساندبوومی هێند ژین و مەرگی کەسێکی ترم بە لاوە گرینگ نەمابوو. لە حەوشەی ماڵی عێتە بەرەو ژوورەوە ڕۆشتین و پلانی خۆمان دانا

یەکەم کارمان ئەوە بێت کە نەشوان یاوەر ڕزگار بکەین بۆیە دەبوو لە ڕێگەی هێزەی برای عێتەوە دەستمان بگات بە چەند بەرپرسێکی ناو ئەمنەکە و بتوانین دلیان ڕازی بکەین بەوەی کەوا ئەو تۆمەتبار نیە بەو شتانە. وە لە بەشێکی تری پلانەکەمان بڕیارمان دا کۆتایی بە عەتا بهێنین لەو گەڕەکەو بۆیە دەبوو سەرانی پێشمەرگەی لێ ئاگادار بکەینەوە کە عەتا ئەوەی بۆ ئەوانێ دەکات هەواڵگریە لە برادەرانی پێشمەرگەو ئەگەر نا هیچ مەبەستێکی بۆ خزمەت کردن بە کورد نیە، تەنها .مشەخۆرێکە چۆن بۆی بلوێ ئاوا دەکات

هێزە کە تازە گەیشتبۆوە شاری ئێمە بینیمانەوە عێتە پێی گوت «هێزە ئەگەر زەویت کۆڵیوە ئەگەر بە ئاسماندا فڕیویت ئەوە دەبێت دەمەو دەست بمانگەیەنیت بە بەرپرسێکی گەورەی ئەمنی لەم دائیرەیەی نزیکی خۆمان وە ڕازیکردنی دڵیشی هەر لە ئەستۆی تۆدایە کە بۆ سێ ڕۆژی تر ڕەمی «کردنەکەی نەشوان یاوەر دوابخرێت تا ئێمە دەتوانین کونێك لەو بابەتە بکەین و بچینە ناویەوە

## بەشی حەوتەم

هەر چۆنێك بوو دواتر توانیمان لەڕێگەی هێزە عونیلەوە بگەینە بەرپرسێکی گەورەی ناو ئەمن و دابنیشین لەگەڵیدا. لەگەڵ هێزە دۆستایەتی قایم و پتەویان هەبوو و هێزە بە عەرەبیەکی ڕەوان قسەی لەگەڵ دەکرد و من و عێتەش لە پاڵیان دانیشتبوین، هێزە باسی ئەوەی بۆ دەکرد کە کوڕێك لێرەیە و ناوی نەشوان یاوەرە ئەم کوڕە بێ تاوانەو هەواڵی لێدراوە کە گوایە نیەتی تەقاندنەوەی ئەم دائیرەی ئەمنەی هەبووە. کابرای بەرپرس کە کەسێکی سمێڵ ئەستوری بە قامەت بوو و لە پۆشاکێکی پۆشتە و ڕێکی عەسکەریدا لە پشتی مێزەکەیەوە دانیشتبوو بەڵێنی بە هێزە دا کە ئەم شەو ئەو کوڕە وەردەگرین بە چاوبەستراوی و لە کۆڵانەکەی دیوی پشتەوەی ئەمنەکە سەعات دووی شەو بەڵام لە بەرامبەری ئەوە داوای یەك بوتڵ شەرابی فەرەنسی کۆنی دەکرد کە نرخەکەی ئەو دەمە چەند خانویەکی لە بازاڕ پێدەهات کە ژێرەکەیان دووکان و بازاڕ بوو. وە بیرم نەچێت بە هێزەی گوت ئەگەر ئێمە ئەوەی ئەو دەیەوێت بۆی نەکەین ئەم جارە ئەو کوڕە و عێتە و هێزەش بەیەکەوە دەگرێت و شتێك بەناوی دۆستایەتی نامێنێ لە ئارادا و هەرسێکیان بە شانی یەکەوە لە مەیدانەکە دەدرێنە بەر دەستڕێژی گولە بە جۆرێك فیشەك لە نێو لەشدا نا بەڵکو لەش لە نێو فیشەك دەنێن چونکە ئەو کوڕە ئازادکردنی ئاسان نیە و بەڵگەی لەسەر بوو هێزە پرسیاری ئەوەی کرد کە ئەو تەڵەبەیەکە و هیچی تر کە تازە تەخەڕوجی کردووە بەڵام ئەو پێی گوت کە ئەوان ئیشیان بەو شتانە نیەو بەڵگە کۆناکرێتەوە لەوێ بەڵکو دروست دەکرێت، هێزە وەعدی پێدا کە ئەو شەوەی ئەو کوڕەمان وەرگرت دوو ڕۆژ دواتر بوتڵە شەرابەکەی دەکەینە بەر دەست و لە درەنگانی شەوێك لە نزیك چاخانەکەی وەستا وەفای غەریب دۆست یان لە ژێر زەمینەکەی کەریم سوڵتان پێی دەدات. با بێ ئەمەك نەبم بەڕاستی هێزە و عێتەی برای ئەگەرچی لە ناو شاری ئێمە دوو کەسی مەحبوب نەبوون بەڵام بۆ تەنگانە پێیان لەگەڵ دادەگرتی بە ژیان و بە مەرگیش.
ئێمە پلانی چارەسەرکردنی شەرابەکەمان داڕشتبوو لەگەڵ هێزە. دڵنیا بووین لەوەی کە ئەو کوڕە هێشتا سەلامەتە و یاسین سورگوڵ وادەی دەستڕێژی کردنەکەی بەهەڵە داوینەتێ و دەستڕێژەکە ڕۆژی دواتر دەکرا.

بەشی دووەممان ئەوە بوو کە دەبوو عەتا بەند بکەین تا سەرو سۆراغی بزر ببێت ماوەیەك بۆ ئەو ئامانجەش هەر ئەو پاشنیوەڕۆیە لە پیکابێکی هەشتادا خۆمان گەیاندە لای ئازادی عەوڵا شین لە یەکێك لە حەشارگەکانی پێشمەرگە لەو دیو شاری خۆمان و بۆمان باسکرد کە چۆن بەرپرسی مەفرەزەکان بەرتیل لە عەتا وەردەگرن و چاویان دادەخەن لە ڕاستی و بە سزایەکی ماقوڵی ناگەیەنن. ئەو دوو پێشمەرگەی بە تفەنگ و مەغزەنەوە تەسلیم کردین. کە هەر ئەو شەوە دەبوو عەتا دارکێش وا لێ بکەین ئەو شەوە کۆتا شەوی هەناسەدان و هاتوچۆی بێت، بەو پیکابەی لە تەحسین یاتاغمان وەرگرتبوو گەڕاینەوە و چەکەکانمان لە جێگەی تایە یەدەگەکەکەی ژێر پیکابەکە قایم کردبوو. شەو دابەش بووین بۆ دوو پۆل من و عێتە و پێشمەرگەیەك بەرەو لای ژێر زەمینەکەی کەریم سوڵتان ڕۆشتین و چونکە کە کاتژمێر یەکی شەو دادەخرا عەتا بە خۆی و چەند قوتو بیرەیەکەوە دەگەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی بە دەرفەتمان دەزانی و ئێمەش لەو تاریکاییەی بەردەمی دوکانەکەی فیکرەت هەمنشین کە دوکانی بەرگ دروین بوو خۆمان تەقەت کردبوو لە کەمیندا بووین بۆ عەتا دارکێش. پێشمەرگەکەی ترمان لەگەڵ هێزە ڕەوان کرد بۆ وەرگرتنی نەشوان یاوەر لە دیوی پشتەوەی ئەمنەکە. خەممان لەوە خواردبوو نەوەك یەکێکی تر بەمەی

زانیبێت و لە کەمیندا بن بۆ هێزە. بۆیە لە سەربانی ماڵی بەهمەن تافدەری هاوڕێمان ئەومان قایم کرد بەو کڵاشینکۆفەی بە دەستیەوە بوو لە کەمیندا بێت بۆ هەر کەمین و خۆ ماتکردنێك کە ئەنجامەکەی بە بریندار بوونی هێزە یان نەشوان یاوەر کۆتایی بێت. نزیکی سەعات یەکی شەو بوو لەگەڵ دەرکەوتنی عەتا کە بە سەر دەکەوت لە پلیکانەکانی ژێر زەمینەکە و شەوقی چراکە لە قوتوەکەی دەستی دەدا، من ناسیمەوە فەرمانم کرد و وتم دەستپێکە ئەوە خۆیەتی تا بیکوژێت و ئەویش یەکەم فیشەکی بە لاشانی چەپی عەتاوە نا دووەم بە فیشەکی بە سنگیەوە نا و عەتا دەمەو دەست لار بۆوە و بە پلیکانەکاندا کەوتە خوار، بەڕاستی پێشمەرگەیەکی چەلەنگ و وریا بوو دەستێکی ڕاست و ڕەوانی لە نیشانە گرتن هەبوو. لەگەڵ دەنگی دووەم فیشەك من و عێتە و ئەو پێشمەرگەیە خۆمان لە پیکابەکەی تەحسین یاتاغ هاویشت و ڕاستەوخۆ پاشەکشەمان کرد بەرەو لای کۆڵانی ماڵی عێتە و پیکابەکەمان لە کۆڵانەکەی تەنیشتیان دانا واتا ڕێك لەبەردەمی ماڵی تەحسین یاتاغ خاوەنی ڕاستەقینەی خۆی.
ئەو پێشمەرگەیەمان بە چەکەوە لە ماڵی عێتە شاردەوە،

هەر ئەو شەوە نەشوان یاوەر لە دەرگایەکی تەسکی پشتەوەی ئەمنەکەدا بە قۆڵبەستکراوی و چاو بەستراوی پاڵ پێوەنرا بەرەو ناو کۆڵانەکە و فەرمانی بەسەرداکرا بڕوات بەرەو پێشەوە و دەرگاکە داخرایەوە، هێزە لە نەشوان یاوەر نزیك بۆوە و باوەشی پێداکرد و بە گوێیدا چرپاندبووی بێ دەنگ و خەم بە و پێشکەوە بۆ ماڵی عێتەی برام، پێشمەرگەکەی تر هەر لە ماڵی بەهمەن تافدەری هاوڕێمان جێی بۆ قایم کرابوو بە جۆرێك قوش نەیانی دەدۆزیەوە، هێند بە وردی پلانمان دانابوو مێروولەیەك بە هەڵە لەناوی نەدە هات و نەدە چوو.

لە کاتژمێر دوو و نیوی شەو شەوێك کە لە کۆڵانێکدا ڕۆح دەردەچوو و لە کۆڵانێکدا ڕۆح وەردەگیرایەوە بەو درەنگانە هێزە نەشوان یاوەری گەیاندەوە دەستمان. ئەمە یەکەم هەنگاومان بوو کە هاویشتمان لەو بابەتەدا تا نەهێڵین کوڕێکی بێ باوکی گەنج لەبەر خاتری خۆشەویستی بڕبڕەی پشتی دەربێنن.
بێ چوونە دەرەوەی هیچکامیان و دەرگە کردنەوە لە کەس من بەیانیان دەچوومە دوکانی گۆزە فرۆشیەکە و شەوان درەنگ لە ماڵی خۆمانەوە خۆم دەکوتایە ماڵی عێتەوە.
بەشی سێیەمیشمان جێبەجێ کرد کە ئەو کەسەی ناو ئەمنەکە فەریح تیغە بوو ، لە درەنگانی دوو شەوی دواتر هات تا بوتڵەکە بەرێت بەڵام لەسەر یەکێك لە خانوەکانی نزیك چایخانەکەی وەستا وەفای غەریب دۆستەوە کە ناتوانم و ناو هێنانی ئەمانەتێکە لەسەر شانم پێی سپاردم فەریح تیغە کوژرا گولەکان سێ دانە بوون هەرسێکی لە کەلەی سەری درابوو.
سێ ئامانج هەبوو لە کوشتنی ئەم فەریح تیغەیە دوانیان هی ئێمە بوو یەکیان هی ئازادی عەوڵا شین بوو.

## بەشی هەشتەم

دوای ئەوەی عەتا وەك پڵیتەی بێ نەوت کوژایەوە، جارێکی تر چاوی بڵند نەکردەوە. دوو ڕۆژێك بە بێ هۆشی لە بیمارستان کەوت و دواتر هەر بەبێ کەسی و بێ سەردانی لە لایەن تیمێکی نەخۆشخانە و تەڵقینی مەلا خاڵخاسی خڕنە نێژرا، مەلا خاڵخاس بێ خەتا نەبوو لە بابەتەکە ئەگەرچی داخوازی بۆ دکتۆر سیراج دەکرد بەڵام لە لایەکی ترەوە ئاگاداری ئەوە هەبوو کەمال بێشەی باوکی ئەقدەس کچەکەی دۆڕاندووە لە قومار و بڕیار وابوو لە بەرامبەر وەرگرتنی تۆیۆتا کڕاونێکی ئەوکات کە قۆزترین ماشێن بوو کچەکە لە فەریح تیغە مارە بکات. ئەم قسانەم ئەو ڕۆژە بیست کە مەیسەم کەمالم گەیاندە ماڵەوە بە گۆزەکانەوە. ڕاستی بە بڕێکی باش لە کاك مەلا توڕە بووم چونکە ئەو کچە بە شەرع مارەیی نەدەهات لە کەسێك هیچ ئەتوارێکی وەك هی ئینسان نیە و بڕواشم بەوە نیە ڕۆژێك لە ڕۆژان نوێژی کردبێت بەڵام مەلا ئەگەر مەلا نەبێت لە کەسی بەد شتی خراپتری لێ دەوەشێتەوە. تەفسیر و دەنگ و باسی کوشتنەکەی عەتا بەو شێوەیە دەرچووبو کە گوایە قەرزار بووە و وتویەتی نایدەمەوە کەریم سوڵتانیش وتبووی کە بە چاوی خۆم بینیومە هاتن و پێیان وتوە پارەکەمان بدەوە بەس ئەوی نکۆڵی کردووە لە دانەوەی قەرزەکە و ئەوانیش دەست بە جێ دوو فیشەکیان پێوە ناوەو وتویانە کەریم سوڵتان تۆش دەنگ لێوە بێت لەسەر ئەو نا ڕەسەنە تۆش دەخەینە تەنیشتی بە زەبری فیشەك بەڵام من نەمتوانیوە هیچ بڵێم، کە پۆلیس خۆی کوتابووە ژێر زەمینەکە بۆ پشکنین و بەدواداچوونی ئەو ڕووداوە کەریم وتبوی گوایە دەمامکیان کردوە و لە جلی ڕەشدا هاتوون کەسیان ناناسمەوە.

ڕوون و ئاشکرا هەواڵەکە وەك ڕەشەبا تاوی هەموو کونج و قوژبنێکی شارەکەی دەدا. ئیتر جاری وا هەبوو کە دەکەوتە بەر گوێم نزیکی ئەوەم بووم بزەیەك بکەم یان قاقام تا قەبرستانی بێدارانی شار بڕوات. چونکە خۆمان کارەکەمان تەرتیب کردبوو کەچی ئەوەی دەمانبیستەوە بەس ئێمەی تێدا نەبووین.
بە نیسبەتی فەریع تیغەوە خەڵك بە خرۆشاویی و خۆشیەوە دەیانگوت کە شتێکی زۆر چاك بووە ئەو گۆلکە سەنگۆیەیان لە کۆڵ بووتەوە تەنانەت ماڵ و منداڵەکەشی کەیفیان قنج بوو.
کە بەو ناوەدا دەڕۆشتم وەك وەرگرتنی سەرەداوێك لە بابەت هیچ لە گۆڕێ نەبوو، مردوو نەبێت. من لێرەوە قەناعەتێکی جوانم بۆ دروست بوو کە کتێب کۆمەکی نەکردبووم پێشتر لە زانینی، ئەویش ئەوەبوو کە پیاو هەرکات دەستی چووە ئەوەی خۆی بێ هۆش بکات، نیشانەی ئەوەیە بێ دەسەڵاتەو لە واقیعەکە ڕادەکات و نیەتی بە کارێکی بەد هەیە کە بە هۆشیاری دەستی تێناچێت. نە فەریح و نە عەتاش ئەوەندەیان نەدەهێنا خەڵك لیشمەی لوتی بێت بۆیان. بەڵکو بە مردنیان ڕێگەکە ڕووناك بۆوە بۆ خەڵکانی تر تا هەناسەی خۆیان بە موڕتاحی بە سنگیاندا بکەن بۆ نمونە نەشوان یاوەر.
ئێمە بووینە ئەو کەسەی کوشتنی دەستەو یەخەمان لە بەرامبەری کەسی خراپدا گۆڕی بۆ کوشتن بە شێوازی کەمین و پەنا. ئەو ڕێچکەیەمان گۆڕی کە خەڵکێك نەزانێت چۆن کوشتنێك بکات و پۆلیس نەگاتە سەر تەپڵی سەری....

بەشی نۆیەم

دوای ئەوەی چاوی نەشوان یاوەرمان کردەوە و پەتمان لە قوڵی کردەوە، نەشوان هاوڕێ لەگەڵ دڵخۆشیەکی قوڵ هەروەها چاو بە فرمێسك بوو. ئەو جووتە چاوە ڕەش و گەش و گەورەیە هەر لە گۆمی سیحر و دڵبردن دەچوو. بە لێوێکی لەرزیوەوە دەیگوت«مەگەر بە مردن ئەم قەرزەتان بدەمەوە، ئەمە چ چاکەیەکە منتان لە گوژمەی فیشەك و دەستڕێژی بێ ڕەحمانە هێناوەتە دەرەوە؟ بۆ نەتانم ناسیوە بەم شێوەیە هەتا ئێستا؟ چما لەو فرتەنە خانەیەی ئێمە هەڵوێستی ئاوا بوونی هەیە؟» نەشوان کوڕێکی بە ئەمەك و کۆمەك بوو، لە ڕووی هەڵسوکەوتەوە زۆر لەلام پەسند بوو. منیش گوتم «نەشوان یاوەر ڕاستە من تۆڕی بەیەك گەیاندنی تۆ و ئەم کاتە بووم، لەو ڕۆژەی کە نەزیف حەوسەد و عەتا دارکێش یەخەیان گرتی من چاودێری بابەتەکە دەکەم. خاترێکی گەورە کە منی ملکەچی یارمەتیدانی تۆکرد ئەو جوتە چاوەی دایکت بوو دەترسام عەتا پەندێکت پێ بکات فرمێسکی دایکت و پروشە یاوەری خوشکت جۆگەلە بکات. بەڵام هێزە و عێتە ئەگەرچی لە شاری ئێمە مەحبوب نین و دەشێت پێشتر بەشێك لەو تیر و توانجانەی خەڵکت بینیبێت کە ڕوو لە ئەمان گیرابێتن لە ژێر ناوی جۆر بە جۆر بەڵام باش بزانە و جوان سەیریان بکە هەرگیز بیرت نەچێتەوە ئەمان تریاقی دەرباز بوونی تۆ بوون». عێتە بە خەندەیەکی گەلێك ڕەزا شیرینەوە گوتی«نەخێر، نەخێر، ئەوەی ئەرشەن بەدرە گوتی بە هەندی وەرمەگرە، من کەسێکم خالیسەن و موخلیسەن کوشتەی ئازادی نەفسیەتی مرۆڤم بەر لە ئازادی گیان. چونکە هەرکەس لە دەرونێکی ئازادا نەژیت، تەرتەو وەرتە دەبێت. وەك ئەو چنگە گەنمەی لێ دێت دەکەوێتە نێو دڕکدانێکەوە. بەڵام تۆ جیا لە نەفسیەتت جەستەشت کەوتبووە ژێر مەترسیەوە. بە پێویستم زانی شتێك کە بتوانم بۆت بکەم، دریغی تیا نەکەم بە قەد یەك مووی سمێڵم» لە بەیانیەکی زوودا ئەو پێشمەرگانەمان بە ئەمین و ئامانەتی گەیاندەوە دەستی ئازادی عەوڵا شین. گەلێك سوپاسی کردین و مەمنونی دەربڕی کە توانیومانە بە کپ و بێدەنگی تەرتیبی بکەین.

دوای ئەوەی عەتا دارکێش ئەو ناوەی چۆڵکرد هاوڕێ لەگەڵ فەریح تیغەدا، کەمال بێشە تۆقی چووبو. بە ڕای من ئەوەندە دەترسا دڵی دەهاتە ناو پێڵاوەکانی و دەچووەوە لە ناوکی گیر دەبوو کە گوێی لەو بابەتە دەبووەوە. بە ڕای من نەهاتنە دەرەوە و خۆ حەشاردانی لە ترسی ئەوە بوو کە لە خۆی دەپرسی ئەو زاوا قنجەم کە قەول بوو ئەقدەسی لێ مارە بکەین کێوە چوو؟ دەبێ ئەوەی کوشتبێتی کێیە و ئایا نیەتی بەوە هەیە لچکێکی شەڕواڵەکەی کەمالیش بگرێت و ڕایماڵێت؟ ئیدی لەم دەورو خولەدا ڕۆژێك نەشوان یاوەر بە دوو نامەوە هات بۆ لای من بۆ دوکانی گۆزەکە و دانیشتین بۆی باسکردم کە لە نامەکاندا بە ڕوونی ئاگاداری دکتۆر سیراج دەکاتەوە کە بکشێتەوە لە ئەقدەسی هەدار خان و بە کەمال بێشەشی دەگوت ئەگەر کچەکەتم نەدەیتێ دوور نیە چۆن فەریح تیغە کوژرا تۆش هێند بە بێدەنگی بە کۆتا بێیت.

مەیسەم کەمال بۆی باسکردم کە نەشوان یاوەر لە ڕێگەی گولیزار ئەشرەفی پورزایەوە کە هاوڕێیە لەگەڵ ئەقدەسدا نامە دەگەیەنێتە دەستی ئەقدەس و شیرن بووە لەبەر چاو و زمانی ئەقدەس. بەو پێیە پێویستی نەدەکرد هیچ نامەیەکی هەڕەشە ڕووەو دکتۆر سیراج بنێردرێت و چوونە ماڵی کەمالیش لەلایەن نەشوان یاوەر و دایکیەوە هەر خۆی مانایەکی پڕ لە فشار و ترسی دەدا بە کەمال بێشە. من هیچ شتێکم نە وت لەوبارەیەوە لێمگەڕا ڕووداوەکان خۆیان ڕێگەیەك بگرن کە پێویست بە تەقەت و هاوکاری ئێمە نەکات..

لە سێ گۆشەوە ئەقدەسی کەمال بێشە پەلی دەکێشرا بەرەو مارە بڕین لەگەڵ نەشوان یاوەردا بەڵام ئەسەف درەنگانی ئەو شەوە نەشوان یاوەر بە چەقۆ بریندارکرا کە چەقۆکان ڕێك و پوخت لەسەر شانی درابوون، ئەو کراسە شینە کاڵەی جلتەی دەهات لە خوێندا. وەکو خۆم کە بینیم دڵم گوتی هەڵناستێتەوە لە جێگەی خۆی و چەقۆیەك لە شوێنی ڕووداوەکان جێهێڵدرابوو لە چەقۆی شەڕ نەدەچوو من کە بینیم دەمەودەست تێگەشتم کە کاری دکتۆر سیراجە و ئەو چەقۆیەش چەقۆی هەڵدڕینی ماڵات بوو، بەوەدا ناسیمانەوە. پۆلیسیش بە جوانی کاری خۆی کرد

## بەشی دەیەم

دەنگ و باسی بریندار بوونی نەشوان یاوەر بە سەنتورێك لە ژێر دەستی دکتۆر سیراجدا وەك ڕەشەبا بە بەر گوێی هەموو کەس دەکەوت. ئەو چەقۆ بچوکەی دکتۆر سیراج لە لاشانی ڕاستی نەشوانی هاویشتبوو، لە دەمی خەڵك کرابوو بە سەنتورێك. تێنەدەگەیشتم لەو زیڵدانەی ئێمە بۆ کە شتێك ڕووی دەدا لە یەك کاتدا چەند تەفسیرێکی جیاوازی بۆ دەکرا؟. بەهەر حاڵ دەشێ دەردی زۆر لەبەر لوت بوونی یەکتر بوبێت چونکە شاری ئێمە مەسافەیەکی تەسك بوو، خەڵك پەیوەندی زۆریان بەیەکەوە هەبوو، زۆر یەکتریان دەبینی، زۆر دەدوان لەگەڵ یەکتر. بەڕاستی سەیرە کاتێك لەم زمانە کوردیەی خۆمانەوە شتێك وەردەگێڕی بۆ ئینگلیزی ئەو قژ زەردانە بیر لەوە دەکەیتەوە فەهم و پیتەکان نەشێوێنی بەڵام هەر بەم کوردیەی خۆمان بۆ یەکدی بدوێین بابەتەکەش گۆڕانی بەسەردا دێت. من و هێزە عونیل بەیانی ئەو ڕۆژە خۆمان گەیاندە نەخۆشخانە و لە قاوشەکەدا سیمای گرژی پزیشکان و کەوتنی تنۆك تنۆك فرمێسکی پروشە یاوەر و دایکی نەشوان تینی خورپەی گریانێکی بە کوڵی بە گیانم دەدا. پروشە یاوەریش شێوەی زۆر لە نەشوانی برای دەچوو بەڵام ئەم پێستی سپی تر بوو، چاو تێر نەدەبوو لە جوانی پروشە. دایکی کە ناوی ئەسرین گوڵبەند بوو نزیکی بەتەمەندا چوون بوو، بەڵام هێشتا ئافرەتێکی شۆخ و لەسەرپێ بوو. سڵاومان لێکردن و یەکسەر کە پزیشکێك هاتە دەرەوە بەرزەپێ ئەسرین گوڵبەند بەرز بۆوە لە ناڵەی جەرگیەوە لە دکتۆر دەپاڕایەوە و دەیگوت «تخوا دکتۆر بە درۆش بێت پێم بڵێ کە نەشوان باشە» دکتۆر گوتی«بەڵێ، زۆر باشە. ئەوەی کە بێهۆش بوو تا ئێستا تەنها کاریگەری دەرمانێك بووە کە لە چەقۆیەکە دراوە. سبەی ئێوارە لێرە دەتوانێت بڕواتەوە» پروشە یاوەر و ئەسرین گوڵبەند بە جووتە بەو زەویەدا کەوتن و سوژدەیان دەبرد، کە نەشوان بۆ جاری دووەم مەرگ یەخەی نەگرت و لەسەرپێ مایەوە بۆ .عەشقەکەی

گولیزار ئەشرەف بە ڕوخسارێکی تاساوەوە لە قاوشەکە دەرکەوت و دەگریا، ڕووی کردە من گوتی«کاك ئەرشەن خۆ هیچ شتێکی خراپ نەبووە ئەوان بۆ ئاوا بێدەنگن؟» من گوتم«نا، نا، نەشوان زۆر باشە. سبەی ئێوارە دێتەوە ماڵەوە» بە لا لێوێکەوە و بە دەنگێکی ئارام گوتی«تکایە کە ڕۆشتم لە باخچەی نەخۆشخانەکە چاوەڕێت دەکەم، وەرە» بەوەدا تێگەشتم گولیزار ئەشرەف دەیەوێت شتێکم لەو بەین و بەستە پێ بڵێت کە نەشوان و ئەقدەس هەیانە. دوای ئەوەی کە ڕۆشتم بە دوایدا پێی گوتم« ئەقدەس پێی گوتم ئەم نامەیە بۆ نەشوان بخوێنێتەوە و جگە لە خۆی تەسلیمی دەستی هیچکەسی نەکات، هەروەها ئەقدەس دەزانێت چۆن نەشوانتان لە ژێر زەبر و زەنگ کێشاوەتە دەرەوە» من بە خۆشحاڵیەوە نامەکەم لێوەرگرت و کە گەڕامەوە خۆم بە قاوشەکەدا کرد و لە بێ چاوی پزیشك و پەرستارەکان چوومە ژوورەوە. نەشوان شانی هەتا سەر دەستی پێچرابوو وە .قۆڵەکەی تریشی شکابوو و لە گەچ گیرابوو. بتدیتبا واتدەزانی نیوەی لەشی بۆ مۆمیا ئامادە کراوە پێم گوت «نەشوان نامەت بۆ هاتووە لە ئەقدەسەوە، فەرموو..» بەڵام نەشوان چاوی گەشتر بۆوە و بە دەنگێکی بێ تاقەتەوە گوتی«جا من بە چی بیخوێنمەوە ؟ مەگەر نامبینی نیوەم لە پەڕۆ و قوڕ و «...گەچ پێچراوە؟ تکایە بۆم بخوێنەوە

« نامەکەم کردەوە و لە دەقی نامەکەدا نوسرابوو

«سڵاو و خۆشەویستیم پێشکەشت بێت ئەزیزم« نەشوان

.دوێنێ لە پرتاوێکا گولیزار ئەشرەف پێی گوتم گوایە بریندار کراوی و هۆشت لێبڕاوە

متمانەم پێت هەیە و دەزانم چی دەکەیت لە پێناوم، دلنیابە ئەو کەسەم کە ڕەنجت بۆ کێشاوە و قوربانیت داوە. خۆ ئەگەر تۆ ببیتە جەستەیەکی مردووش لەسەر ڕووی ئەم جیهانە، جەستەت دەدزم و لای خۆم هەڵتدەگرم. وا نەزانیت کە لە زیندانی کرایت بێ هەوال بووبم لێت بەلام تەیرێکیشم نەدەناسی بە باڵیدا نامەت بۆ بنێرم. بەڵام تا گولیزار هەواڵی باشی تەندروستیتم پێ نەگەیەنێت بڕوام وا نیە فرمێسکەکانم چك ببن. ڕۆح و گیان پێکڕا فیدای سەعاتێکت بن. دەمەوێ قەرەبووی ئەم برینە و ئەو نارەحەتیەی زیندانت بە تەمەنی خۆم بۆ بکەمەوە. دڵنیابە ئەمجارە بێدەنگ نابم لەبەرامبەر باوکیشم کە لەجێی من بڕیاڕ بدات و ڕەتت بکاتەوە. دڵی من تۆ و تۆ و تۆی دەوێت ئەزیز.
«تامەزرۆی دیدار و هەواڵی باشی تەندروستیتم
دڵسۆز و خۆشەویستت
ئەقدەس
نامەکە جێگەی چەند دڵۆپێك ڕوونی فرمێسکی لەسەربوو. بە نەشوان یاوەرم گوت تەواو ئەوەندە بوو نامەکە. ئەو گوتی «ئەو نامەیە لەسەر سەرینەکەم جێبهێڵە دەمەوێت بۆنی ئەو وشانە بگاتە هەناوم، فێنك ببمەوە» نامەکەم لەسەر سەرینەکەی و لە تەنیشت سەری جێهێشت و هاتمە دەرەوە.
لە ڕۆژی دواتردا کۆڵێ پۆلیسم بینی دکتۆر سیراجیان لە ئۆتۆمبێلێکدا ڕاپێچی بنکەکە کرد. تا نزیکی نیوەڕۆ هەواڵ هاتەوە کە بەبێ بوونی دادگایی کەیسەکەیان بە پێنج ساڵ زیندانی داخستوە
هۆیەکەی ئەوە بووە کە کەرەستەیەکی پزیشکی بۆ بریندارکردن و نیاز هەبوون بە کوشتنی کەسانی تر بەکارهێناوە کە پێچەوانەی بنەما پیرۆزەکانی پزیشکیە. پێدەچوو کە سکاڵایان لە نەشوان یاوەر وەرگرتبێت و ئەویش درێغی نەکردبێت لە گێرانەوەی بابەتەکە و شتیشی بۆ زیاد کردبێت.. تەنانەت ئەو جێگە ئەشکەنجانەی لەشیشی کە لە زیندان لە ماوەی ڕۆژێکدا دروستیان کردبوو ئۆباڵەکەی خستبێتە ملی دکتۆر سیراج

## بەشی یانزە

پەنجە ڕاوەشاندنەکەی نەزیف حەوسەد لە نەشوان یاوەر کورتی خایاند، دەتوانم بڵێم ماوەکەی هێندەی سێبەری بەیانی بوو کە نەگەشتە پاشنیوەڕۆ. بینینی دکتۆر سیراج لە پشتی تەلبەندی زیندانەوە و مردنی عەتا و سووربوونی نەشوان بەشێوەیەکی خودکار نەزیفی دەکێشایە دواوە لە ئەقدەس. ئەوە ئەو دەمەیە دەتوانین بڵێین دەسەڵاتدار ئەگەرچی بە زەبر و زەنگیش بێت، دەشێت بە پلانێکی پوختەی بچوك پێچەوان ببێتەوە. ئەو نەزیف و عەتایەی دیواریان بە ددان دەخرماند ئێستا میزشیان کەف ناکات. لە چەند ڕۆژێکی دواتردا بۆ سەردانی و ئەحواڵ پرسین لەگەڵ هەر سێ هاوڕێم بەهمەن تافدار و هێزە و عێتە عونیلی برای چوینە ماڵی نەشوان یاوەر. نەشوان زۆر بە گوڕ ببو بە جۆرێك ئەگەر ئەو پەڕۆ و شتە نەبوایە پزیشکان تێیانەوە پێچابوو نەتدەزانی نەخۆش بووە.

لە بەند کردنی دکتۆر سیراج و بێدەنگ بوونی نەزیف حەوسەد، تاوێکی باش شادومانی بە گیانی دەدا. وایدادەنا ئیدی ڕێگەیەکی تەختی دروست کردووە بەرەو ئامانج. بێ دەنگی و چاکبونەوەی نەزیف جێی گومان بوو، چونکە تەنانەت کەس نەیدەبینی لە ڕێگەی چوونە ژێر زەمینەکە یان مێزی قومار. ئەوەی هاوەلی بوو بۆ ئەو شوێنانە بە کەمینێکی بچوك کۆتاییان هات ئەویش ترسی لە گیانی خۆی لێ پەیا ببو.

دوای فەترەیەك لە دانیشتن لە لای نەشوان و سوپاسگوزاری ئەسرین گوڵبەند و پڕوشەی خوشکی بۆ یارمەتیەکانی ئێمە، ئەسرین گوڵبەند پێی وتین کە ڕاستە نەشوان باوکی نەماوە بەڵام بێ قەید و شەرت دەبێت وەك برای گەورە لە وەفدەکەدا کە خوازبێنی ئەقدەس دەکەنەوە ئەمجارە دەبێت ئامادە بین.

ئێمە بە خۆشحاڵیەوە قبولمان کرد، یاوەریان بکەین بە تایبەت نەشوانێکی بێ کەس کە دەشێت جگە لە خودا و دایك و خوشکی کەسێکی تر نەبێت لە مەجلیسی خوازبێنیەکە دابنیشن. ئەگەرچی من دوودڵ بووم چونکە دانیشتنی من و یاوەری کردنی مەجلیسەکە دەمیخستە ژێر پرسیارەوە لەلای دکتۆر سیراج دواتر، بەلام سڵم نەکرەدوەو پێم وابوو هەر لەوە باشترە من نەچم و مەلا خاڵخاس بانگ بکەن. وەك ئەوەی بنەماڵەی دکتۆر کردیان.

لە هەفتەی دواتردا کە هێشتا نەشوان گەچی دەستی لێکرابۆوە و باندجێکیان بۆ دانابوو لە قاتێکی ناسکی قاوەیی و قەمیسێکی زەردی کاڵ و بۆینباخێکی خەتداردا هاتە بەر هەیوانەکەی ماڵی خۆیان و پێی گوتین کە ئامادەم ئەگەر ئێوەش ئامادەبن بڕۆین.

من لەوکاتەدا کە نزیکی هاوین بوو هاوڕێ و هاوکات لەگەل بەهمەن و هێزە و عێتە و پڕوشە یاوەر و ئەسرین گولبەندی دایکی بەڕێکەوتین بەرەو ماڵی ئەقدەس کەمالی خۆشەویستی نەشوان تا ئەو چیرۆکە نزیك بکەینەوە لە دەستپێکێکی نوێ نەك کۆتایی، نەشوان خۆی یەکەم کەس بوو دەستی جوقاند و بردیە پێشەوە سێ جار بە هێواشی لە دەرگا شینەکەی ماڵی کەمال بێشەو هەدار خانیدا.... مەیسەم دەرگای لێکردینەوە.

بەشی ١٢ و کۆتایی

دوای سڵاو کردن و بەخێرهاتن کردنمان لەلایەن خانەوادەی ئەقدەس کەمالەوە، لە مەجلیسێکی دوورو درێژدا لە دیوەخانەکەیماڵیان دانیشتین. وەفدی ئێمە کە پڕوشە یاوەر و ئەسرین گوڵبەند و من و نەشوان و هێزە و عێتە بووین لەبەرێك دانیشتین. مەیسەم و هەدار خان و کەمال بێشە و دوو برازای کەمال کە ناویان نەواس و هەڵبەست بوو لە بەرێکی تری دیوەخانەکە بەرامبەری یەکترمان گرتبوو. لە ڕێگەی چونمان بۆ ماڵی ئەقدەس ڕێککەوتبووین کە عێتە عونیل و ئەسرین گوڵبەند وەکو دەمڕاست و دەمی یەکەمی ناو مەجلیسەکە قسە بکەن، ئەوانی تریش کە دەماینەوە تەرەفی دووەمی بابەتەکە بووین. مەیسەم و هەدار خانی دایکی ئەحواڵ پرسینێکی گەرم و بەخێرهاتنێکی بە جۆشیان کردین وەك هەر کەسێکی خانەدان بە خۆشحاڵیەوە هەدار خان چەند جارێك گوتی«مێوانی وەکو ئێوە لە گەشی و خێر زیاتر لەگەڵ خۆیان دەهێنن، زۆر خۆشحاڵین بە هاتنتان» کەمال کە سیمایەکی نادیاری بابەتەکە بوو، لە دوای ئەوەی تەسبیحە شوشەکەی بە ناو دەستیا دەگێڕا جار جارێك بە کزی دەیگوت «بەخێربێن، بەخێربێن سەرچاوان» دوای ئەوەی ئەقدەس هاتە ژوورەوە بە سینیەك شەربەتی فێنکەوە قژە لولە زەردەکەی تۆپ کردبوو لە پشتەوە و چەند تاڵێکی بە ناسکی بە لایەکی ڕووخساریدا هێنابوە خوارەوە و کراسێکی کوردی هەوری لەبەر کردبوو، لێوە تەنکەکەی سوراوێکی کاڵی سوور کردبوو و تەنکە ماکیاژێکی پوختەی کردبوو چاوەکانی لە کل نابوو و جوتێك چاوی سەوزی گەشی هەبوو کە تەریب دەبوو لەگەڵ چاوە ڕەش و گەشەکەی نەشوان یاوەر، ڕووخساریشی شێوە بازنەیی بوو چەنەگەی کورت بوو. لە سەر دەرگاکەوە بە ناسکیەکی دەگمەن و بە دەنگە پڕ هەستەکەی خۆیەوە بزەیەکی کرد و گوتی «بەخێربێن بەڕێزان» هاتە پێشەوە و شەربەتە پرتەقالەکەی پێشکەش کردین. لەگەڵ ئەوەی گەشتینە نیوەی خواردنەوەی شەربەتەکە عێتە لە تەنیشت منەوە گوتی« کاکە کەمال سەرەڕای ئەوەی بۆ ئەحواڵ پرسی و تامەزرۆییمان بۆ هەواڵی باشیتان و ئەرکی دراوسێیەتی ، هاتوین دۆستایەتی و دراوسێیەتی ماڵی کاك یاوەری خوا لێ خۆشبێت بەرینە قۆناغێکی پتەوتر و نزیکیەکی نزیکتر دروست بکەین لەگەڵتان و ئەسرین خانی دایکی کاکە نەشوان ڕایسپاردووم وەکو ڕابەر بۆ ئەوەی داوای ئەڵقە گۆڕینەوە و دانانی بناغەی هاوسەرگیری لە نێوانی دادە ئەقدەس بکەین لەگەڵ کاکە نەشواندا. وەکو دەزانین لە ئادەم تا خاتەم ئەم شتە هەر هەیە و یەکسانی نێوانی مرۆڤە و بەردەوامیدانە بە ژیان و وەچە خستنەوە و ئیسراحەت کردن لە یەك جێگە و یەك ڕێگە. تەڵەبی ماڵی کاك یاوەر دەقاو دەق بنەمای شەرعی ئیسلام و کەلتوری کوردەواریە. تۆ وەکو ڕابەری ئەم خانەوادەیە مافی ئەوەت هەیە ڕازیبیت بەم داواکاریەیان و نوێنەر بی بۆ بەجێگەیاندنی ئەم خێرە. ئێمە پێش ئەوەی بێینە ئێرە تەکبیرمان کردووە بۆ دابین کردنی هەموو ئەوەی کە دوو هاوسەر پێویستیانە هەر لە شەکراو خواردنەوە تا کڕینی بێشکەی ئەو منداڵەی کە لەم دوو گەنجە بێتە دونیاوە و بەجێگەیاندنی هەر داواکاریەك ئەقدەس هەیبێت لەبەر ئەوەی کاك نەشوان کوڕێکی هەرزە و منداڵکار نیە وە کاتی خۆیشی کە عەتای ڕەحمەتی و نەزیف ڕێگەیان پێی گرتبوو کە واز بهێنێت لە داخوازی کردنی ئەقدەس بەڵام ئەو بەم تەمەن و دۆخە ناسکەوە پێی گوتبوون کە ئەقدەس مەبدەئی ئەوەو لێی ناکشێتەوە بەڵکو سازشی لەسەر ناکات و دوای ڕەزامەندی دایك و باوك و بنەماڵەکەی خۆی دەکاتە چرا ڕێی ئەقدەس و هەموو هەوڵێکی خۆی دەدات ئەو کچە خانەدانە خۆشبەخت بکات لە ژیانی هاوسەریدا لەگەڵی هەتا دکتۆر سیڕاجیش بریینداری کرد ئەو هەر سڵی نەکردەوە ئەمەی نەشوان یاوەر کردویەتی بۆ چۆلەکەی سەر عامودی کۆڵانەکەشی سەلماندووە کە بە مەرگ و ژین ئامادەیە بۆ ئاواتەکەی.... ئێمەش ئەوەی لەسەرمانە پێویستە هاوکاریەکی باشی بکەین هەتا ژیانێکی شاد پێکبهێنن لەگەڵ یەکتردا و بۆ نمونە تۆ وەك باوکی کچەکە و کەسێکی بە هەڵوێست تەنانەت هەندێك

لە پێداویستیەکانیشیان لە ئەستۆ بگریت خۆ ئەگەر بە پێچەوانەوە بێت نابەدڵی نەشوان بکەیت ئەوەندەی کاریگەری خراپ جێدەهێڵێت ئەوەندە کاریگەری باشی نابێت مرۆی ژیریش ئەوەیە باشیەکان ببینێت و ڕووبەڕووی خراپەکانی بکاتەوە تا سەری خراپە دەخوات و سەردەکەوێت بەسەر ئاستەنگدا.. ئێستا نۆبەتی ئێوەیە ڕەخنە و بۆچوون و بوونی شتێك لە دڵتاندا کە ئێمە درکی پێ ناکەین ئێوە بیخەنە ڕوو» بەڕای من چاوەڕێی ئەوە نەبووم کوڕێکی گەنج بەو جورئەت و بوێریەوە لە قاتێکی پوختەی نیلی کوردیدا بەم شێوەیە قسە بکات کە هەم هەڕەشە بێت بۆ کەمال بێشە هەم داواکاری بێت هەم بیانوو بڕیان بکات لە قەولێکدا کە خستیە بەر دەم کەمالی مێردی هەدار خان

دەزانم ئێستا ئێوە چاوەڕێی ئەوەن ڕای خانەوادەکەیان بزانن بەڵام لەگەل قسەکانی عێتە عونیلی هاوڕێمدا ڕوویەکی گەش و ڕازیبوونی کردە سەر ڕووخساری هەموویان و دەمامکی نەخێری لەسەر لابردن مەیسەم بە دڵێکی خۆشەوە خەندەیەکی ناسکی دەکرد و لەگەڵ دەمی دایکیدا بە هێمنی و دەنگێکی نزم دەیانگوت «ئینشەڵا خێر دێتە ڕێمان، ئەوە سوننەتێکی فەڕزی ژیانە» ئیدی کەمال بێشە دەستی بە قسەکردن کرد و ڕووی تەسبیحەکەی لە خشاندن لەناو لەپی بۆ ژماردنی دەنکەکانی و گوتی « کاکە گەنجەکان ئێوە تەمەنێکی زۆرتان لە پێشە و شتی تریش دێتە ڕێتان وەکو من بە نیسبەتی منەوە زۆر پێم گەورەیە یاوەری کوڕێکی بێ باوك دەکەن بۆ گەیشتن بە ئاواتەکەی ئەگەر ڕای من دەپرسن ڕای من ڕای یەکەم کەسە کە ئەقدەس خۆیەتی و دواتر دایك و خوشك و کەس و کار من ئەگەرچی باوکێکی باشیش نەبم بەڵام هێندە دیکتاتۆر نیم بە تەنها بڕیار بدەم بڕیاری باش ئەوەیە بە هەماهەنگی هەموو لایەك و ڕازی بوونیان بێت یەکەم کەس با ئەقدەس ڕای خۆی بڵێت» ئەقدەسیان بانگکردەوە ژوورەوە و دایکی داوای ڕای ئەوی کرد و ئەقدەس کە دانیشت لای خوارەوەی ژوورەکە و گوتی «ڕای من ئەوەیە مادام نەشوان دوای ئەم ئاستەنگی و زەبرە زۆرەی هاتە ڕێگەی ئەوەیە کە کۆمەکی بکەم لە ژیانی هاوسەریماندا و ڕازیم بە ڕەزای جەنابی و مەرد بووە تا ئەم کاتە هیچ شتێك نەیکێشاوەتە دواوە و داواکاریەکی ناڕەوای نەکردووە، وەکو من ڕای من ئەوەیە دوای ڕازی بوونی کەس و کارم بەڵێن دەدەم لە ژێر ناخۆشترین باردا و تەنگترین کوچەدا ژیانی لە دەم خۆش بکەم ئەگەر تاڵیش بوو. هاوکاری بکەم و هاوبەشی یەکەم و ڕاستەقینەی بم.

بمبورن کە زۆرم گوت بەڵام بە بڕوای من ڕۆشنبیری ئەوەیە ڕای خۆم لە وشەیەکدا کۆ نەکەمەوە بە بەڵێیەك یان نەخێرێك بەڵکو شتەکان لە ئەساسدا چۆنن ئاوا نیشانی بدەم» دوای قسەکانی ئەقدەس من پێش دایك و کەس و کاری گوتم «گوێ بگرە ئەقدەس حەقیقەت دوو شت هەیە نابێت تێکەڵی بکرێت لە گوتن و کردن ئەویش ئەوەیە شەرم و ترسی تێدا نەبێت. خۆ ئەگەر بزانم ژیان پێکهێنانی تۆ لەگەڵ نەشواندا لەسەر بنەمای ڕەنجی نەشوانە ئەوە من یەکەم کەسم ڕێگری دەکەم وە ئەگەر ڕازی بوونی تۆ پشت دەبەستێت بە خۆشەویستی و ئینجا پێزانینت بۆ نەشوان، نەشوانێك کە بەدڵ ئازاری زۆری کێشاوە و بە جەستەش زەبر و یەخە گرتنی زۆری هەبووە ئەوە شتێکی زۆر ماقوڵە و من هەوڵی ڕەزامەند بوونی هەر کەسێك دەدەم کە بیەوێ بە جۆرێك ڕێگری بکات لێتان. ئەقدەس خان لەوانەیە ڕۆژێك هەموو شتێك لە کار بکەوێت تەنانەت مەکینە گەورەکانیش بەڵام بڕوام وایە خۆشەویستی وزەیەکی کۆتا نەهاتووە و داینەمۆیەکی ڕۆحیە کە هیچ کات پەکی ناکەوێت و مردن و یەخە گرتنی هیچ کەسێك دەرەقەتی نایەت بۆیە تکا دەکەم پێمان بڵێی و دڵنیامان بکەیەوە کە خۆشەویستی بنەمای بڕیاردانتە» ئەقدەس خۆی کۆکردەوەو بە دەنگێکی نزمی تێکەڵ بە نازەوە گوتی «دڵنیاتان دەکەمەوە کە ئەوە بنەمای بڕیارمە» مەیسەم و دایکی بە زمانێکی پڕ لە ئاسودەییەوە گوتیان «ئێمەش ڕازین و قسەیەك دەکەین دوای ئەوەی ئامۆزاکانی کە بە نوێنەری مامەکانیان هاتوون ڕای خۆیان بڵێن» نەواس و هەڵبەست کە دەستیان بە قسەکردن کرد نەواس گوتی« ڕای من و مامەکانی تریشم ئەوەیە کاتێك بڵێین بەلێ و ڕەزامەندی دەفەرموین دوای ئەوەی بینیمان

کوڕەکە لێوەشاوەیە و دەتوانێ ئەرخەیانما بکات لە دابین کردنی ژیانێکی خۆش بۆ ئەقدەس خانی ئامۆزامان. بەڵام بەڕاستی ئەوەی تا ئێستا بینیمان بناغەیەکی بەهێز لە نەشواندا هەیە تا کۆمەکی ئەقدەس بکات بۆ ژیانێکی بەختەوەرانە بۆیە ئێمە واتا من و هەلبەست بڕیار دەدەین دوای ئەوەی مامیمان کەمال ڕای بەڵێی فەرموو» کەمالیش بە تەنز و پێکەنینەوە گوتی «گەلەکۆمەکیەکی واتان لێکردووم جا خۆ بۆم نیە بڵێم نەخێر، بێگومان ڕەزامەندم» نەواس و هەڵبەست ڕاستەوخۆ داوای ئەوەیان کرد ڕێ بدەین ئەوان ئەرکی سەرف کردنی تێچووی ئاهەنگەکە لە ئەستۆ بگرن. مەیسەم و دایکیشی داوایان کرد هەرچی زووە ئەمشەو مەلا بهێنن بۆ مارەکردن و شەکراوە خواردنەوە و لە ڕۆژی دواتردا ئاهەنگێکی جوان ڕێکبخەین بۆ کچەکەیان.. هەموو شتێك بە خەندە و بە خۆشیەوە بە کۆتا هات ئێمە وەکو هێزە و عێتە شادومانیەکی یەکجار خۆشمان پێگەشت کە توانیمان هاوکاری حەق بکەین و لە بەرەی ستەم کردن نەبین. تێچووی ئاهەنگ و شەکراو خواردنەوەکە لە لایەن نەواس و هەڵبەستەوە لە ئەستۆ گیرا و ئەقدەسی کەمال بێشە و نەشوان یاوەر بەیەکگەشتن.. ئێستا کە ئەم چیرۆکەتان بۆ دەگێڕمەوە دوای ئەوە دێت کە لە ماڵە تازەکەی نەشوان و ئەقدەس گەڕامەوە لەگەل مەیسەم خانی هاوسەرم کە دەکاتە خوشکی ئەقدەس و سەرەڕای هاوڕێیەتیم لەگەڵ نەشوان یاوەر لە لایەکی تریشەوە بوینە دوو بەردی چنراوی دیوارێکی پتەو، عێتە ڕووی لە ئەورووپا کرد و دوای ماوەیەك لە نامەیەکدا بۆی نوسیبووم کە هاوسەرگیری کردووە لە ئینگڵتەڕا لەگەڵ کچێك بە ناوی ئانی و خەڵکی شاری نۆتینگهامەو هەر لەوێ دەژین.. هێزەی براشی مخابن بە گولەی چەند پاسدارێکی ئێران لە ناوچەی خانێ کوژرا و تەرمەکەی لە نزیك عەتا دارکێشدا نێژراوە.. ئەوەی دروستمان کرد بەیەکەوە شێوەیەکی دەگمەنی هاوڕێیەتی بوو کە خۆشەویستی و وەفای نێوانمان لە ئی کەم کەس دەچوو و شتێکە تا دوای مردنیشمان دەژیت کوڕەکەی ئەقدەس و نەشوان ئەسرین گوڵبەند ناوینا ڕاپەڕ و پڕوشەی کچیشی شووی کرد بە نەواسی ئامۆزای ئەقدەس کە خۆشەویستیەکەی نێوانیان لە ڕۆژی داخوازی کردنەکەی ئەقدەسەوە ڕوا و چرۆی کرد دوای ماوەیەك.....

لە کۆتاییدا دەمەوێت یەک ڕستەتان بە ئامانەتێک کە بە شایەنی ڕەچاو کردن دەبینم بۆ جێبهێڵم ئەویش ئەوەیە ژیان بەرەنگاریەکە لەگەڵ ئەستەمدا بۆیە سڵ لە چنگ وەشاندن مەکەوە لە پێناوی ئاواتی خۆتدا.